گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بنیاتی شێوازی ئاواز لە شیعرەکانی (ڕەفیق سابیر)دا

**م.ی. محمد عمر ابراهیم**
بەشی پەروەردەی گشتی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر هەرێمی کوردستان، عێراق.
mohammedqolmarf@gmail.com

**م.ی. هاوکار محمد ڕەشید**
وەزارەتی پەروەردە، زمانی کوردی، سلێمانی هەرێمی کوردستان، عێراق
Hawkermuhamad00@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٤/٢/٢٧
پەسەندکردن:٢٠٢٤/٤/٨
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Music, Weight, Public Expenses, Internal Music*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.14

**پوختە**

ئاواز یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی دەقی شیعر. واتا لە هەموو شیعرێکدا ئاواز بوونی هەیە و لێی دانابڕێت. ئاواز دەتوانێت جەستەیەکی نوێ بەبەر شیعردا بکات و جوانی و ڕازاوەیی بەوشەکان بدات, بەشێوەیەک, تاوەکو مانا و دەلالەتە شاراوەکان بەرجەستە ببێت, ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاواز لە دەنگەوە دروستدەبێت و دەنگیش زمانی شیعرە و ڕیسکێکە لە ئارەزو و سۆز و ئەندێشە کە لە ناخی شاعیردا هەیە. لەنێو توێژەراندا ئەم بابەتە کاری جوان و بەپێزی لەسەر ئەنجام دراوە, چونکە جێگەی سەرنجی توێژەران بووە, بەڵام گرنگی و تایبەتمەندی ئاواز وادەکات کاری زیاتی لەسەر ئەنجام بدرێت. ئەم توێژینەوەیە کارلەسەر ئاوازی شیعری دەکات لە شیعرەکانی (ڕەفیق سابیر)دا, و هەوڵدراوە ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شیعرەکانی دەربخرێت. ئامانجمانە بەپێی سنوری توێژینەوەکەمان و پێی قوتابخانەی شێوازگەری فیلۆلۆجی (فیلۆلۆجی لیۆ شپیتزەر), بنیاتی ئاواز لە شیعرەکانی شاعیردا بخەینەڕوو. ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە, لە بەشی یەکەمدا. ئاوازی دەرەوەمان لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیعرەکانی شاعیردا خستووەتەڕوو. لە بەشی دووەمدا باسمان لە ئاوازی ناوەوەی دەقەکانی شاعیرکردووە.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە کە لەژێر ناونیشانی (بنیاتی شێوازی ئاواز لە شیعرەکانی ڕەفیق سابیر)دایە, هەوڵدانێکە بۆ توێژینەوە لەشیعرەکانی بەپێی ئاوازی ناوەوە و دەرەوە. چونکە ئاواز بەردەوامی و نەمری بەدەق دەبەخشێت و وای لێدەکات لە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب جیاواز بێت. ئاواز جوانی و ڕازاوەیی بەدەق دەبەخشێت و خوێنەر بۆ نێو دەق ڕادەکێشێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە**. ئەگەرچی بەهۆی گرنگی ئەم بابەتەوە توێژینەوەی باش ئەنجام دراوە لەسەر ئاوازی شیعری, بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیدی پێویس نەکات لەسەر ئەم بابەتە کارنەکرێت, بگرە پێویستە توێژینەوەی زیاتری لەسەرئەنجام بدرێت, چونکە شاعیرانی نوێخوازمان هێند ئاوازی جوان و دڵڕفێنیان لەشیعرەکانیاندا بنیاتناوە, وا لەتوێژەر دەکات بەردەوام هەوڵی دەرخستنی لایەنی شاراوەی بێت, بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین ئاوازی شیعری لە شیعرەکانی شاعیری ناوبراودا بخەینە بەر باس و خواست.

**ئامانجی توێژینەوەکە**. لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی شیعرەکانی شاعیر دەربخەین و نمونەی پێویست بخەینەڕوو, بۆئەوەی لێهاتوویی شاعیر بسەلمێنین لەم بوارەدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە**. لەم توێژینەوەیەدا سودمان لە قوتابخانەی (فیلۆلۆجی لیۆ شپیتزەر)بینیوە, چونکە ئەم قوتابخانەیە گرنگی زیاتر بە شێوازی زماندەدات, ئاوازی شیعری دەچێتە خانەی شێوازگەری زمانەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە.** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم.** ئاوازی دەرەوەی شیعر (کێش و سەروا).

**بەشی دووەم.** ئاوازی ناوەوەی شیعر دووبارەکردنەوەی ( دەنگ و وشە و گرێ و ڕستە).

## بەشی یەکەم. ئاوازی شیعری

ئاوازی شیعر, ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە لە بنیاتی دەقی شیعردا و بەکەرەستەیەکی گرنگی دەقی شیعري دادەنرێت. ئاواز لەناخ و نەستی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و بەهۆی وشە و پیت و دەنگەوە لەنێو دەقەکەدا خۆی دەدوێنێت. ئەمە وای کردووە بگوترێت: ((نزیکترین هونەر لەشیعرەوە مۆسیقایە.)) (کدکنی،1392: 272-273). ئەگەر ئاواز لە دەقی شیعری دابڕین, ئەوا هیچ جوانی و بەهایەکی هونەری بۆ شیعرەکە نامێنێتەوە, چونکە ((دیاردەیەکی دڵکەشی ئەوتۆیە کە گیان دەکات بە بەر وشەکاندا و ئەوەندەی دیکە مانا و مەبەستەکانیان بەرجەستە دەکات))(عەلی،1998: 87). بۆئەوەی شیعر بەزیندوویی بمێنێتەوە و کارییگەری لەسەر خوێنەر و گوێگر هەبێت پێویستە گرنگییەکی زۆر بە ئاواز بدرێت. ((شیعر مۆسیقای نەبێت کاریگەری لەسەر خوێنەر نابێت، چونکە مۆسیقا لایەنێکی گرنگە لەشیعردا، نەبوونیشی دەبێتە هۆی لاواز بوونی دەقی شیعرەکە.))(أنیس،1952: 16). بەواتایەکی دیکە بیری شیعرەکە چەند گرنگ بێت ئاوازی شیعریش هێندە گرنگ و بەنرخە لە بنیاتنانی دەقە شیعرییەکەدا ((موسیقای شیعر لە تەعبیری وشەکە کەمتر نییە بگرە لەو زیاتریشە، چونکە مۆسیقای شیعر ئەو کەش و هەوایە دروست دەکات کە بیر و ماناکەی تیا دەردەکەوێت، هەر مۆسیقایە سێبەری فیکر و سۆزداری بەواتا دەبەخشێت، بۆیە لاوازی مۆسیقای شیعر کەموکورتی بۆ تەعبیرەکە دروستدەکات.)) (الوافی،1984: 237). لە بنیای دەقی شیعریدا بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر ئاواز جیاکراوەتەوە ئەوانیش ((ئاوازی دەرەوە و ئاوازی ناوەوەی شیعرە)) (حەمە صالح،2015: 118).

بۆ جیاکرنەوەی زمانی شیعری و زمانی ئاسایی ڕۆژانە دەتوانرێت ئاواز بکرێت بەپێوەر, چونکە ((شیعر بۆ خۆی زمانێکی ئاوازدار و مۆسیقی هەیە و بەهۆی مۆسیقیی بوونییەوە کاریگەری زیاتری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە، هۆکارگەلێك کە زمانی شیعر لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە جیادەکاتەوە و زمانی شیعری بەسەر زمانی ئاخاوتندا زاڵ دەکات و ئاواز و ڕیتم و چێژ دەبەخشێت بە زمانی شیعر دەتوانرێت لەژێر ناوی مۆسیقای شیعردا کۆبکرێتەوە، خودی مۆسیقای شیعری کۆمەڵە هۆکار و پاڵنەرێکی هەیە، کە ئەوانیش کێش و سەروا و ڕەدیف و جیناسە.)) (بیرانوند و اریان، 1395:140).

### 1-1- ئاوازی دەرەوە

شاعیران بۆ جوانی و ڕازانەوەی دەقە شیعرییەکانیان سود لە ئاوازی شیعری وەردەگرن. لەهەمانکاتدا کاریگەریی لەسەر خوێنەرانیش زیاتر دەبێت. ئاوازی دەرەوەی شیعریش زیاتر ((زیاتر کێش و سەروا دەگرێتەوە, کە باس لە کێش دەکرێت لەشیعری کوردیدا دوو جۆر سیستەمی کێش پەیڕەو کراوە, کێشی چەند و کە پێشی دەگوترێت کێشی عەروزی و کێشی ژمارەیی بڕگە))( الرحمانی, 2021: 258).

### 1-1-1- کێش

یەکێک لە تایبەتمەندی و کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی دەقی شیعری کێشە,لەبەرئەمەیە, کە ((ئەدەب دابەش کراوەتە سەر شیعر و پەخشان و ئەو ڕەگەزە سەرەکییەش کە لەیەکیان جیادەکاتەوە کێشە))(ئەحمەد، 2009: 55). بۆیە ڕاستە بگوترێت نەبوونی کێش لەنێو دەقە شیعرییەکاندا, شیعر بوونی خۆی لەدەستدەدات و هیچ جوانییەکی بۆ نامێنێتەوە, چونکە ((کێش گرنگترین بنەڕەتی شیعرە، گوتنی ئاوازدار و کێشدار سەرەنجمان ڕادەکێشێت، وەکو ئەوەی زنجیرەیەکی پێکهاتووبێت لە بڕگەگەلێکی بازنەیی و تایبەتی و پێویست، هەروەها دوای چەند بڕگەیەك کۆتایی دێت))(ابو شرار, 2007: 296).

کێش لە شیعری کوردیدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە و هەمیشە جێگەی بایەخی شاعیران بووە, چ شاعیرانی کلاسیک بێت, یاخود نوێ. بەڵام لەبەکارهێنانی کێش دا جیاوازی هەیە لە شیعری کۆن و نوێ دا, چونکە شاعیرانی کلاسیک زیاتر کێشی عەرزی عەرەبییان بەکارهێناوە و نوێخوازەکان گرنگییان بە کێشی خۆماڵی و بڕگەیی داوە. بەشێوەیەک کە لە کێشی شیعری ((خۆماڵیدا کورتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

درێژی برگە ڕەچاو ناکرێت، کەچی لە عەروزی عەرەبیدا ئەم لایەنە ڕەچاو دەکرێت.))(ئەمین، 2004: 252).

**أ- شێوازی بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی**

کێشی برگەیی لە دیارتین ئەو شێوازەیە کە لە شیعری نوێدا پێڕەو کراوە, ئەم شێوازە لە ڕووی فۆرمی شیعرییەوە هەمان ئەو فۆرمانەن کە لە قۆناغی نوێگەری لەشیعردا پەیرەوکراوە, بەشێوەیەک کە کێش نیوەدێڕی یەکەم چەند برگەبێت, کێشی نیوە دێری دووەم هەمان برگە دەبێت. ڕەفیق سابیر بەشێوەیەکی بەرفراوان گرنگی بەکێشی برگەیی داوە, ئەگەرچی زیاتر لە چوارچێوەی کێشی شیعری ئازادا لێهاتوویی خۆی دەرخستووە, بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە, کە گرنگی بە کێشی برگەیی نەدابێت واتا کێشی هەردوو نیوەدێڕەکە چوون یەکبن, بەڵکو لەم مەیدانەشدا کاری کردووە و چەندین کێشی برگەیی جیاوازی بەکارهێناوە لە دیارترینیان:-

**أ- کێشی حەوت برگەیی**

ئەم  کێشە لەدیارترین و باوترین کێشە باوەکانی شیعری نوێی کوردییە، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە شیعری فۆلکلۆردا بەکارهێنراوە و بەشداری لە کێشەکانی دیکەشدا هەیە, وەکو گۆران دەڵێت: ((لەبەر نزیکی مۆسیقاکەی لەکێشی هەشتی لە هەڵبەستی فۆلکلۆریدا هەندێکجار تاکە تاکەی لەناو دێرە هەڵبەستەکانی هەشتیدا بەرچاو دەکەون))(مەلا کەریم، 2004: 50-52). هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ((نزیکی ئاوازەکەی لەکێشی هەشتییەوە))(عەلی، 1998: 139). ڕەفیق سابیر لەسەر ئەم کێشە دەقی شیعری بنیاتناوە و دەڵێت:

بە/ تەن / یا / جێی/ مە / هێ / ڵن 7
ئەم/ شەو/ زر/ یان/ دەی/ چێ/ نێت 7
تە/ مو/ مژ/ دای/ دە/ پۆ/ شێت 7
مان/ گە/ شەو/ دەی/ ڕ / فێ/ نێت 7 (سابیر,٢٠١٣: ١٠٧)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

به وردبوونەوە لە بنیاتی کێشی ئەم دەقە, ئەوە دەردەکەوێت کە شاعیر هەموو دێڕ و لەتە دێڕەکانی دابەشکردووە بەسەر کێشی حەوت بڕگەییدا, واتا چ دێڕ و چ لەتە دێڕەکان ژمارەی بڕگەکانیان یەکانن و ئەوانیش بریتین لە حەوت بڕگە, هەروەها دەڵێت:

دوو/ دڵ/ دا/ ری/ بێ/ و/ ڵات 7
چە/ پە/ ری/ چە/ قۆ/ دە/ ڕن 7
دوو/ دڵ/دا/ری/ ڕۆژ/ هە/ڵات 7
لاو/ کی/ مە/ حاڵ/ دە/ ژە/ نن ٧ (سابیر,٢٠١٣: ١٦٢).

دیسانەوە شاعیر ئەم شیعرەی لەسەر هەمان شێواز بنیاتناوە, کە دێڕ و لەتە دێڕەکان ژمارەیان یەکسانە و ئەویش حەوت بڕگەن, واتا لەتەدێڕی یەکەم حەوت بڕگەیە و لەتەدێڕی دووەم بەهەمان شێوە حەوت بڕگەیە.

## ب- کێشی هەشت بڕگەیی

ئەم کێشە لە شیعری نوێ دا گرنگییەکی زۆری پێدراوە, بۆیە بەشێکی زۆر لە شاعیرانی نوێ سودیان لێوەرگرتوە لە بنیاتی ئاوازی شیعری دا ئەمەش بەهۆی خۆشی و دڵڕفێنی ئاوازەکەیەتی، بەهۆی فراوانی لە بەکارهێنانیدا نوسەران و توێژەران زیاتر باسیان لێوەکردووە لەبارەی شێوازی بەکارهێنان و داڕشتنەکەیەوە (دڵشاد عەلی) دەڵێت: ((ئەم کێشە لە کێشە هەرە دیارەکانی هەڵبەستی کوردی هاوچەرخ و لە کێشەکانی تر زیاتر مەودای بەکارهێنانی دەستەپێی جیاوازی هەیە، کە ئەوانیش جگە لە (4+4) کە دەستە پێی (5+3) یان (3+5) و (6+2) یان (2+6) و (2+2+4) و (2+4+2).))(عەلی، 1998: 139) . شاعیر لەسەر ئەم کێشە شیعری خۆی بنیاتناوە, بەڵام بەزۆری هەردوو لەتە دێڕەکە وەک یەک یەکسانن, ئەگەرچی لەشیعری دیکەدا شێوازەکانی دیکەشی پێڕەو کردووە, شاعیر دەڵێت:

لە/ سەر/ زو/ قم/ مەم/ نوو/ سە/ وە ٨
ئەم/ ک//ڕێ/ وەم/ پێ/ هەڵ/ نا/ بێت ٨
لە/ تا/ وێ/ رم/ مە/ بەس/ تە/ وە ٨

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕە/ وە/ دا/ ڵم/ پێ/ تێر/ نا/ بێت ٨
ڕۆ/ حم/ لە/ ب/ ڵێ/ سە/ مەگ/ رە ٨
وەر/ زی/ خۆ/ ڵم/ پێ/ تەڕ/ نا/ بێت. ٨ (سابیر,٢٠١٣: ٤٧).

لەم دەقەدا شاعیر بەیڕەوی لە کێشی خۆماڵی هەشت بڕگەیی کردووە, بە شێوازێک کە نەک تەنها یەک دێڕ چوون یەک بێت, بەڵکو تەوای دەقەکە لەسەر یەک کێشە و ئەویش کێشی هەشت بڕگەییە.

کێ/ بوو/ نی/ گا/ کا/ نی/ کوش/ تم؟ ٨
کێ/ بەر/ گی/ ڕە/ شی/ پێ/ پۆ/ شیم ٨
پێ/ کی/ خۆز/ گەی/ نەک/ را/ نە/ وەی ٨
دەر/ گای/ زین/ دا/ نی/ پێ/ نۆ/ شیم؟ ٨
کێ/ بوو/ نی/ گا/ کا/ نی/ کوش/ تم؟ ٨
کێ/ بوو/ نی/ گا/ کا/ نی/ کوش/ تم؟ ٨ (سابیر,٢٠١٣: ٤٣٢).

دیسانەوە شاعیر بەهەمان فۆرم و هەمان کێش ئەم دەقەی بنیاتناوە, بەشێکی زۆری شیعرەکانی بەم کێشە داناوە, بەڵام لە هەندێک دەقدا گۆڕانکاری لە کێشەکەدا کردووە, لەهەندێک دەقدا جگەلە کێشی هەشتی کێشی چواری و پێنجی تێکەڵ کردووە.

**ج- کێشی دە بڕگەیی.**

شاعیرانی نوێ بەشێوەیەکی ڕەها پەیڕەوییان لەم کێشە کردووە، بۆیە دەگوترێت: ((لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو زۆر بەئاسانی ئەتوانێ ناوی لێ بنێت کێشی نەتەوەیی گەلی کورد.))(خەزنەدار، 1962: 47). لەڕووی چۆنیەتی پێرەوکردن و بەکارهێناوەنە, د. دڵشاد عەلی ڕای وایە: کە بنیاتی ئەم کێشە ((هەندێك جار 6+4 بەکاردەهێنرێت))(علی، 1998: 140). ڕەفیق سابیر بەپێچەوانەی شاعیرانی دیکەوە کەمتر گرنگی بەم شێوازەی کێش داوە و تەنها چەند دەقێکی لەسەر ئەم کێشە بنیاتناوە, وەکو دەڵێت:

ڕووم/ پێ/ لەو/ وەر/ زە/ بەر/ دی/ نە/ مە/ کە ١٠
ئەم/ مەش/ خە/ ڵا/ نەی/ سە/ رم/ نات/ وا/ نم ١٠

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم/ هەڵ/ دێ/ رە/ دا/ لق/ ێک/ دار/ نی/ یە ١٠
کێ/ لە/ بەر/ دێ/ کی/ تیژ/ و / هار/ نی/ یە ١٠
ب/ چە/ قێ/ تە/ نێو/ قوو/ ڵا/ یی/ گیا/ نم ١٠ (سابیر,٢٠١٣: ٢٤٦).

هەروەکو ئاماژەمان پێکرد کەم شیعری لەسەر ئەم کێشە بنیاتناوە, بەڵام کاتێکیش بەکاری بردووە, لەنێو دەقێکی دیکەدا تەنها چەند دێڕێکی بەم کێشەیە, بۆیە بەپێویستمان زانی لەم تەوەرەدا جێگەی بکەینەوە و ئاماژەی بۆ بکەین.

**د- کێشی دوازدە بڕگەیی.**

ئەم جۆرە کێشە لەشیعری نوێدا بەکارهێنانی هەیە و شێوازی بنیاتنانەکەی ((لە هەموو لەتەکانی شیعرێکدا بەیەکسانی ژمارەی کێشی دوازدە بڕگەیی تاکۆتایی دووبارە دەبنەوە))(گەردی,٢٠١٨: ١٤٥), ڕەفیق سابیر لەسەر ئەم کێشە شیعری بنیاتناوە, بەڵام ژمارەی ئەو شیعرانەی کەلەسەر ئەم کێشەیە ژمارەیان زۆرنین, هەروەکو دەردەکەوێت.

رۆ/ ژە/ کان/ / بە/ سەر/ شە/ پۆل/ دا / شۆڕ/ دەب/ نە/ وە ١٢
بە/ چ/ ڕەن/ گێک/ ئەم/ خۆڵ/ با/ ری/ نە/ تەڕ/ دە/ کەیت؟ ١٢
کام/ شێی/ کە/ نار/ دە/ کەیت/ بە/ ڕەش/ ما/ ڵی/ ب/ رین؟ ١٢
چ/ شە/ پۆ/ لێک/ لە/ پە/ نای/ ڕۆح/ دا/ هەڵ/ دە/ کەیت؟ ١٢ (سابیر, ٢٠١٣: ٣٣)

شاعیر بەپێی کێشی دوازدە بڕگەیی ئەم دەقەی بنیاتناوە, بەشیوەیەک هەر دێڕە و بەشێوەیەکی یەکسان و لە دوازدە بڕگە پێکهاتووە, واتا هەر نیوەدێڕێک ژمارەی بڕگەکانی لە دوازدە بڕگە پێکهاتووە, ئەوەی جێگەی سەرنجە شاعیر تەنها لە نێو دەقێکی درێژدا چەند کۆپلەیەکی بەم شێوازە بنیاتناوە.

## دووەم - کێشی شیعری ئازاد

لەم شێوازەدا کێشی شیعری و فۆرمی شیعری گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، شیعری ئازاد لەبەر ئەوە پەیڕەوی قاڵبی دیاریکراو و سیستەمی دێڕ و نیوە دێڕ نابێت، بۆیە لەڕووی کێشەوە پشت بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

برگەیەکی تری ئاواز دەبەستێت ئەویش (پێ) (تفعیل)ە کە تێیدا دێڕەکان لەسەر بنەمای پێی و چەندجارەی دووبارەبوونەوەیان لە دێڕەکاندا بنیات دەنرێن. بەواتایەکی دیکە ئەگەر شیعرێك یەکێك لە دێڕەکانی (3+4+5) برگەیی بوو ئەوا دێڕەکانی دواتری هەر هەمان ژمارەیە بەچەند جارەکانیەوە، ((هۆنراوەی نوێ لەسەر ئەو کێشانە دادەنرێن کە هۆنراوەی کۆنی لەسەر دانراوە، تەنیا هێندە هەیە, کە شاعیری نوێ بەئارەزووی خۆی یاری بەو کێشانە دەکان و هەڵیان دەسوڕێنێنن))(عارف،2011: 248).

**أ- پێی سێ برگەیی.**

لەڕووی بەکارهێنانەوە دەقی شیعری ئازاد لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر بەکەمی سودی لەم پێیە وەرگرتووە، هەر بۆیە ژمارەی ئەو دەقە ئازادانە کە بەم کێشە بنیاتنراون زۆر نین بە بەراورد بە پێیەکانی دیکە، شاعیر

**ب- پێی چوار برگەیی**

شاعیرانی نوێخواز زۆرترین دەقەشیعریان لەسەر ئەم فۆرمە بنیاتناوە, واتا لەبەکارهێنانی کێشدا بەشێوەیەکی ڕەها ئەم فۆرمەیان پێڕەو کردووە, ڕەفیق سابیر بەشێکی زۆری شیعرەکانی لەسەر ئەم پێ شیعرییە بنیاتناوە و دەڵێت:

پەڵەهەورێک 4
نیوەشەوێک/ بەخۆی گرتم 4 + 4
پەڵەهەورێک 4
بەرەو ڕێی نە/ هاتی بردم 4 + 4
لەنێو کرێوە/ و جەنگەڵی/ غەریبیدا 4 + 4 + 4
ونی کردم. 4 (سابیر,٢٠١٣: ٥٥)

هەروەکو دەردەکەوێت بچوکترین لەتەدێر چواربرگەیە, لەتەدێڕەکانی دیکەش یان چوار برگەن, یان چەند جارەی چوارن, شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

تا بەیانی 4

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هەرێمی / ئاژاوەدا 4 + 4
سرودی ئەم / ژانە دەچڕو 4 + 4
باڵام/ بەم سووتانە / دەگرم 2 + 4 + 2
هەور دەکەم / بە دەمامک و 4 + 4
ئێشک / لە ئەڤین و/ ڕاستی 2 +4 + 2
ئێشک / لەم جیهانە/ دەگرم. 2+ 4 +2 (سابیر,٢٠١٣: ٩١).

هەر بەو شێوەیەی سەرەوە شاعیر ئەم دەقە شیعرییەی بنیاتناوە, بەڵام لە دوو توێی دەقێکی درێژدا, واتا لە نێو دەقێکی درێژدا کە چەندین جۆر کێشی تێدا بەکارهێناوە,ئەم جۆرەی لە پێی چواری بنیاتناوە,ئەم جۆرە وەکو کێشی هەمەڕەنگ وایە.

### ج- پێی پێنج بڕگەیی

ئەم (پێ)یە لە شیعری نوێدا بەکارهێنانی زۆرە, واتا شاعیرانی نوێخواز لەبنیاتی ئاوازی دەقە شیعرییەکانیاندا پشتیان بەم پێیە بەستووە. بەبەراورد بە (پێی) چواربڕگەیی بەکارهێنانی کەمترە, بەڵام لەشیعرەکانی ڕەفیق سابیردا ئەم (پێی)ە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە, هەروەکو دەڵێت:

کاروانسەرایە! ٥
ئەم کۆچە سوورە/ دووریانی نێوان / مەنفا و مەنفایە ٥ + ٥ +٥
لە نیوەشەوی / ئەم کوێستانەدا ٥ + ٥
ڕۆحم ژیلەمۆی/ بەر تەرزە و بایە ٥ + ٥
کاروانسەرایە ٥
لەسەرخۆ گیانە,/ کاروانسەرایە! ٥ + ٥ (سابیر, ٢٠١٣: ٤٨)

لەتەدێڕی کاروانسەرایە, پێنج بڕگەیە و پێی شیعرەکەی لەسەربنیاتنراوە, بەشێوەیەک کە دێڕە درێژەکان هەمانکێشیان هەیە و چەند جارەی کردووەتەوە شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

سەراب هەڵدەبێت. ٥
دوا شوێنەواری / ئاوارەیەکە ٥

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە چراخانی/ شاردا ون دەبێت. ٥ + ٥

بە نێو گەرداودا / بەرەو لات دێم و ٥ + ٥

تەمەن هەڵدەکەم ٥ (سابیر,٢٠١٣: ٤٩)

دیسانەوە بچوکترین لەتەدێڕ کە (تەمەن هەڵدەکەم)ە پێنج برگەیە و لەتە دێڕەکانی دیکەش بەهەمان شێوە, ئەگەرچی درێژن و دە برگەن بەڵام دابەشبوون بۆ دووبەش و هەر بەشێکیان بریتییە لە پێنج برگە.

**د- پێی حەوتی.**

ئەم پێیەش وەکو پێیەکانی دیکە یەکێکە لە فۆرمەکانی کێشی شیعری ئازاد, بەڵام بەکارهێنانی زۆر نییە بەبەراورد بە پێیەکانی دیکە, ڕەفیق سابیر بەم فۆرمە شیعری بنیاتناوە و دەڵێت:

ئای لە ڕۆحی سەرشێتم / ئەمشەو چۆن وروژاوە ٧ + ٧

لافاوێکی ناوەختە و ٧

لە هاویندا هەستاوە. ٧

رۆحی سرک و سەرەڕۆم ٧

دەڵێی لە رووی دەسرێژ و / سێدارەدا وەستاوە ٧ + ٧

بە گۆرانی و تووڕەیی و / لاساری هەڵامساوە. ٧ + ٧

ئای لە ڕۆحی چەپرەوم / ئەمشەو چۆن وروژاوە! ٧ + ٧

غەریب و تاک و تەنیا ٧

دژی محاڵ وەستاوە ٧

بەرەو مێرگی سەربەستی ٧

ژیانی پێش خۆی داوە. ٧ (سابیر, ٢٠١٣: )

شاعیر ئەم دەقەی بەشێوەی پێی حەوتی بنیاتناوە, بەشێوەیەک کەمترین لەتەدێڕ حەوت برگەیە و درێژترین لەتەدێڕ چەند جارەی حەوتن, وەکو دەردەکەوێت هیچ برگەیەک لەو چەندجارە کەم و زۆری نییە.

**2-1-1- سەروا**

سەروا یەکێکە لە ڕەگەزە دیارەکانی ئاوازی دەرەوەی شیعر، مەرجی بنەڕەتیی لە هەر دەقێکی شیعریدا، ((بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگێك یان چەند دەنگێك یان چەند دەنگ و وشەیەك، لەکۆتایی لەت یان دێڕە شیعردا)) (گەردی،2014: 269)، سەروا خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشانە شیعرە. سەروا کاتێك دەر دەکەوێت کە دوو وشە یان زیاتر دەنگی بڕگەکانی کۆتاییان یەك بێ و بەجۆرێ دابنرێ هەریەکە و زایەڵە و دەنگدانەوەی ئەوی تر بێت(گەردی،1999: 24). هەر سەبارەت بەسەروا دەگوترێت: ((بەشێوەیەك کە خۆی پابەند دەکات بۆئەوەی جۆرێك لە ڕێکخستن و مۆسیقا لەنێوان وشەی دوا دێڕەکان دروست بکات))(صلاح، 2005: 11). پێویستە ئەوەش بگوترێت کە سەروا ((لەزۆر ڕووەوە لە ئەرکی یەکەی کێش(ڕیتم) دەچێت))(محەمەد، 2019: 117). ڕەفیق سابیر وەکو شاعیرێکی نوێ خواز زۆر سەرقاڵی کێشێکی دیاریکراو نەبوو, بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە هیچ گرنگی پێی نەدابێت, بۆیە چەند جۆرێک لە سەروای بەکارهێناوە, بەڵام بەگشتی سەروای هەمەڕەنگی بەکارێناوە, لەپاڵ ئەمەشدا سەروای چوارینە بەندی هەیە, بۆیە ئێمە لێرەدە بەپێی سنورس توێژینەوەکە چەند جۆرێک سەروا کە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بەدی دەکرێن دەیخەینەڕوو, لە گرنگترینیان ئەمانەن:-

**أ- سەروای یەکگرتوو.**

ئەم جۆرە لەسەروا نیوە دێری دووم کۆتایی بە چ دەنگێک هات ئیدی سەرجەم نیوەدێڕی دووەمی شیعرەکە هەمان دەنگ دەبێتە سەروا بۆی, شاعیر کەم شیعری لەسەر ئەم شێوازە لەسەروا هەیە, کە لە پەنجەی یەک دەست تێناپەڕن.

قولەکانی کرد بە کەپری ئاوارەیی
پێڵوی بە تاجی نامۆیی!
لەپاوانی سەربڕیندا
سیپاڵی مێژوو داپۆشی
نهێنی دەستەمۆ کرد و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماسکی ڕەگەکانی پۆشی. (سابیر,٢٠١٣: ٩٦).

لەم دەقەدا نیوە دێڕی دووەم دێڕی یەکەم بەدەنگی (ی) کۆتایی هاتووە, ئەم دەنگە بۆ هەموو نیوەدێڕەکانی دیکەش بووە بەسەروا, بەم شێوەیە سەروای یەکگرتووی پێکهێناوە.

## ب- سەروای چوارینە.

### أ- قاڵبی(AABA)

ئەم قاڵبە شیعرییە شێوازی سەروای تایبەت بەخۆی هەیە کە ئەویش بریتییە لە نیوە دێڕی (یەکەم و دووەم و چوارەم) هاوسەروان و نیوە دێڕی سێیەم سەرواکەی جیاوازە, ڕەفیق سابیر لەسەر ئەم قاڵبە شیعری بنیاتناوە و دەڵێت:

دایەگیان ڕۆژگار, ڕۆژگاری مەنفا
وەکو منداڵییم کەڕووی هەڵێنا
ڕۆحی هەڵوەدام هەتا هەتایە
لەنێو شاکەزی و باوەشتا جێما (سابیر,٢٠١٣: ١١).

هەروەکو دەردەکەوێت نیوەدێڕی (یەکەم و دووەم و چوارەم) بەیەک دەنگ کۆتاییان هاتووە و ئەویش دەنگی (ا) یە, نیوەدێڕی سێیەمیش بەدەنگی (ە) کۆتایی هاتووە, بەم شێوەیە شاعیر لەسەر ئەم قاڵبی (AABA) شیعرەکەی بنیاتناوە.

### ب- قاڵبی ABAB.

ئەم قاڵبە لەبەر زۆری بەکارهێنانی چەندین ناوی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە لەوانە((چوارینی شکسپیری، موتەناوب، پاڵەوانێتی.... هیتر))(گەردی، 1999: 212). شاعیر دەقی لەسەر ئەم چوارینە بنیاتناوە, بەڵام بەکارهێنانەکە زۆرکەمە, ئەگەرچی لەنێو دەقی درێژدا بەکارهێنانی هەیە و لەشێوەی چوارینە بەندایە, بەڵام تەنها یەک چوارینە بەدی دەکرێت لە تەواوی دیوانەکەیدا.

چونکە مەرگی خۆی داوە بە کۆڵا
ڕێگای نەهات و ئەبەدی دەبڕێت

لەنێو بولێڵی ئاژاوە و خۆڵدا
پۆلەگزنگی هەقیقەت دەگرێت. (سابیر,2013: 99).

لەم چوارینەیەدا سەرواى نیوە دێڕی یەکەم و سێیەم لە دەنگی (ا) پێکهاتووە و نیوە دێڕی دووەم و چوارەم لە دەنگی (ت) پێکهاتووە, بەمەش سەرواى (ABAB) دروستکردووە.

**ج- قاڵبی (ABCB).**

ئەم قاڵبە چوارینەیە, بەتواوی جیاوازی هەیە لە گەڵقاڵبەکانی دیکەدا, چوونکە سێ دەنگی جیاواز سەرواى چوارینەکە دروست دەکەن, بەشێوەیەک نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و سێیەم بە سێ دەنگی جیاواز کۆتاییان دێن و نیوەدێڕی چوارەم هاوتایە لەگەڵ نێوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەم, شاعیر لەسەر ئەم قاڵبە تەناە دوو چوارینی بنیاتناوە هەروەکو دەڵێت:

لە گۆڕستانی ئەم مەنفایەدا
تەنیا وێنەی تۆم لە تیشک چنیوە
بە گەرووی نوقمی سەراب و خۆڵم
گۆرانی عومرم بۆ تۆ چڕیوە. (سابیر, ٢٠١٣: ١١).

لەم چوارینە بەندەدا شاعیر سێ دەنگی (ا, ە, م)ی کردووە بە سەرواى چوارینەکە, بەشێوازێک نیوە دێڕی یەکەم (ا) و نیوەدێڕی دووەم (ە) و نیوەدێڕی سێیەم (م), نیوە دێڕی چوارەم هاوتایە لەگەڵ نیوەدێڕی دووەم کە ئەویش دەنگی (ە)یە, بەم شێوەیە شاعیر قاڵبی (ABCB) بنیاتناوە. شاعیر دەقێکی دیکەی لەسەر ئەم قاڵبە بنیاتناوە و دەڵێت:

کە بروسکەی کردە شانی
گەردوون: لە ئامێزی گرتین
دارستان: لەڕەنگی سەوزی هەڵکێشاین و
لوتکە: وەکو تەم و گزنگ هەڵی کردین. (سابیر,٢٠١٣: ٩٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم: ئاوازی ناوەوە

ئاشکرایە کە دەقی شیعری گرنگییەکی زۆر بە ئاواز دەدا، لەشیعردا جگە لە ئاوازی دەرەوە کە خۆی لە کێش و سەروادا دەبینێتەوە، ئاوازی ناوەوەش ڕۆڵی دیارو گرنگی لە بنیاتی دەقی شیعریدا هەیە، کە خۆی لە دووبارەکردنەوەی دەنگ، وشە، ڕستە... هتد دا دەبینێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ((شاعیران بە ئاوازی دەرەوە ناوەستن، کە کێش و سەروا لە شیعردا دروستی دەکەن، سەرباری بەها هونەرییەکەی، لەبەرئەوەی ناتوانن بنەمایەکی جەوهەری و کۆتایی هەموو پێکهاتەکانی ئاوازیی دابنێن، بۆیە هەوڵیاندا بەدوای ئاوازی ناوەوەدا بگەڕێن، کە بنەمای وشە و پیتەکان لەنێویاندا یەکبێت و کاریگەریی لەسەر لایەنی جوانکاری قەصیدەکانیان بکەن. بەمەش لەپاڵ ئاوازی دەرەکی، ئاوازی ناوەوە لەئەنجامی داڕشتنی وشە و ڕستەکان دروست دەبێن))(خضر، 2005: 150).

ئاوازی ناوەوەی شیعر لێهاتوویی و کاریگەری و باڵادەستی شاعیر لە بونیاتی شیعردا دەردەکات, شاعیر هەرچەند گرنگی بە ئاوازی ناوەوە بدات, هێندە شیعرەکەی جوان و ڕازاوە و سەرنج ڕاکێش دەبێت, چونکە ڕۆڵی لە هارمۆنیەتی نێوان دەنگ و وشە و ڕستەکاندا دەبینێت, شاعیر تا گرنگی بە ئاوازی ناوەوە بدات بەشاعیری سەرکەوتوو و داهێنەر دەدەنرێت و , هەرئەمەش وادەکات جیای بکاتەوە لە شاعیرانی دیکە, لەبەرئەوەی لە ڕێگایی ((لە ڕێگەی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەوە شاعیرێك لە شاعیرێکی دیکە جیادەکرێتەوە و باڵادەستی بەسەر ئەوانی دیکەدا دەکات))(ضیف، 1986: 97). بۆیە شاعیران, بەردەوام هەوڵیان داوە بەدوای خۆیان بەدور بگرن لە قاڵبە کۆنەکان, کە کە تەنها گرنگیان بەکێش و سەروا دەدا, شاعیرانی نوێخواز (( هەوڵی ئەوەیان داوە. لەو قاڵبە دەربچن کە خۆیان تەنها بە ئاوازی دەرەوەی شیعرەوە سەرقاڵ بکەن، بەڵکو زیاتر بایەخ بە دروست بوونی ئەو ئاوازە دەدات کە حاڵەتە ویژدانییەکەی ناوەوەی لای دروستی کردووە))(عەزەدین، 2009: 305).

ئاوازی ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعری هیچ پێوەر و یاسایەکی ئەوتۆی نییە تاوەکو شاعیران پێڕەوی بکەن, هەوەی کەهەیە, دەکەوێتە سەر زەوق و سەلیقەی شاعیران, چونکە ((ئاوازێکی شاراوە و نادیارە، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەو وشانە پەیدا دەبێت، کە شاعیر بەکاریان دەهێنێت لە داڕشتنی دەقەکەدا، ئەو ڕێککەوتن و گونجاندنانەی لەنێوان پیت و وشە هەڵبژێردراوەکاندا

هەیە))(پێشو97). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دووبارەکردنەوەی پیت و وشە لەسەر یەك جۆرە ئاوازێکی خۆش و دڵگیر بە دەقە شیعرییەکە دەدات، لە شیعری نوێدا ((پشت بە وشەی شیاو و ڕێککەوتنی دەستەواژەکان، ڕیزکردنیان دەبەستێت))(خلیل، 2003: 325).

**٢-١- دووبارەکردنەوەی دەنگ.**

دووبارە و چەند بارەکردنەوەی دەنگێک لە دەقێک, یان دێرە شیعرێکدا جوانیی و ڕازاوەیی بە دەقەکە دەبەخشێت, لەپاڵ ئەم جوانییەدا مەبەست و دەلالەتێک لە پشت ئەم بەکارهێنانەوە یە ((گرنگیدان بە ئاوازی ناوەوە هەستکردنە بە جوانییەکانی زمان و نرخ و بەهادەنگی و پێکهاتەکانگرنگیدان بە دەنگی دووبارە لە سنوری وشەدا هەمیشە جێگەی سەرنج و بایەخی لێکۆڵەران بوو)(کاکی,٢٠١٢: ١٢٧). ئاوازی ناوەوە چێژێکی تایبەت بەخوێنەران دەبەخشێت و وایان لێدەکات شۆڕببنەوە بۆ ناخی دەقەکە و دەلالەتی ورد و نهێنی دەقەکە هەست پێ بکەن. ((زۆرجا شاعیر بۆ بەهێزکردنی ڕیتم و مۆسیقای ناوەوە پەنا دەباتە بەر دووبارە کردنەوەی دەنگێکی تایبەت، ئەم دیاردەیە سەرجەم شاعیران پێڕەویان کردووە))(عەزیز,2009: 20). بەکارهێنانی دەنگەکان بەشێوازێکی هەرەمەکی نییە, چونکە بەپێی کپی و گڕی و بزوێن و نەبزوێنی تایبەتمەندی خۆیان هەیە, شاعیران ئەو دەنگانە بەکاردەهێنن, کە ئەو دەقەی بنیاتیانناوە دەیخوازێت. ((کاتێك شاعیر دەنگێکی تایبەتی یان کۆمەڵە دەنگێك دووبارە دەکاتەوە، دەیەوێت جەخت لەسەر لایەنی ئاوازی شیعرەکە، یاخود پارچەیەك لە پارچەکانی شیعرەکە بکاتەوە، لەم ڕێگەیەوە چێژێکی تایبەت بە خوێنەر و گوێگر دەبەخشێت))(سلێمان، 2004: 21). ڕەفیق سابیری شاعیر زۆر گرنگی بەئاوازی ناوەوەی شیعرداوە و لە ئاستە جیاوازەکاندا پێڕەوی لێکردووە. شاعیر کەم شیعری هەیە, لەبنیاتی ئاوازدا پشتی بە دووبارەکردنەوەی دەنگ نەبەستبێت, بۆ جوانی دەقە شیعرییەکەی هەروەکو دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوێ شەوێ
وڵات هاوارێکی دوور بوو
شرەجانتا و
هێرۆیین و
کەرنەڤاڵی سەربڕین و
گەلەسەگی سەر سنوور بوو
وڵات شەپۆلی بروسکە
مەحاڵ و
کەپری زریان بوو (سابیر,٢٠١٣: ٢٨).

شاعیر لەم دەقەدا پێنج جار دەنگی (ێ) و چواردەجار دەنگی (و)ی دووبارەکردووەتەوە, کە ئەمەش ئاوازێکی خۆش و دڵڕفێن بەدەقەکە دەبەخشێت, لەهەمانکاتدا ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەش جوان و تۆکمە و سەرنج ڕاکێش دەکات, هەروەها شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

تۆ سەرابی یان کانی؟
ونبوون و
دورگەی مەنفا و
ڕاستی و
ترس و
گۆرانی؟
یان کەژاوەی هەژانی؟
ئەمشەو بەچیم دەچوێنی؟
لەپاڵ کام هەڵەموت و هەرەسدا بەجێم دێڵی
چەند جار دامدەگیرسێنی؟
تۆ چی؟ خەونی یان ژانی؟
یەقینی یان گومانی؟ (سابیر,٢٠١٣: ٦٥).

شاعیر لەم دەقەدا بیست و دوو جار دەنگی (ی) دووبارەکردووەتەوە و سیازدە جار دەنگی (و) و پازدە جار دەنگی (ا)ی دووبارەکردووەتەوە, بەمەش ئاوازی ناوەوەی شیعرەکەی بنیاتناوە و جوانی و تۆکمەی و ڕازاوەی و سەرنج ڕاکێشی دەقەکەشی خستووەتەڕوو, لەلایەکی دیکەشەوە خوێنەر هەست بەخۆشی و جوانی دەقەکە دەکات.

## 2-2- دووبارەکردنەوەی وشە.

ئەم جۆرە ئاوازە بەهۆی دووبارەکردنەوەی هێشوە دەنگ، یان چەند وشە، یان چەند گرێیەکەوە دروست دەبێت، لەزۆر باردا لە دووبارەکردنەوەی دووشەدا دروست دەبێت.

زریانە... زریانە... زریانە
سەرم لەهەور ئاڵاوە
بازووەکانم کەژاوەن و
باڵام درەختی هەتاوە. (سابیر,٢٠١٣: ٧٤)

شاعیر لەم دەقەدا سێجار وشەی (زریان)ی دووبارەکردووەتەوە, ئەمە جوانی دەقەکە دەردەخات. لەپاڵ ئەمەشدا جەختکردنی شاعیر لەسەر مەبەستەکە ڕوون دەکاتەوە, لەهەمانکاتدا ئاوازی ناوەوەی شیعرەکە ڕێک دەخات و جوانی و خۆشی ئاوازەکە بەگوێی خوێنەر دەگات.

## 3-2- دووبدوبارەکردنەوەی ڕستە.

لەم جۆرە ئاوازەدا شاعیر لەنێو پانتایی دەقەکەدا ڕ[تەیەک چەندجارێک دووبارە دەکاتەوە, بەمەش لەلایەک جوانی دەقەکە دەردەخات, لەلایەکی دیکەشەوە ئاوازێکی خۆش بنیاتی دەقەکە پێکدەهێنێت, شاعیر شیعری زۆری لەسەر ئەم جۆرە لە ئاوازی ناوەوە بنیاتناوە و زۆر گرنگی بەم جۆرە ئاوازەداوە, بەواتایەکی دیکە ئەم جۆرەلە ئاوازی ناوەوە پانتاییەکی زۆری لەنێو دیوانەکەی شاعیردا داگیر کردووە, هەروەکو دەڵێت:

بەم نیوەشەوە لە کوێوە هاتیت
چۆن گەردی دیلیت لە خۆت تەکاند و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێوارانێکی تەماوی زستان
وەک خۆر هەڵهاتیت؟
سەهۆڵبەندان بوو بەکوێدا هاتیت؟
ئاگرباران بوو.. بەکوێدا هاتیت
کوردستان تژی سەگی بێگانە و
نوقمی تاوان بوو
بەکوێدا هاتیت
چۆن لە هەرێمی گەلەگورگدا
بەشارستانی و
لاوک راهاتیت ؟
بەکوێدا هاتیت ؟ (سابیر,2013: 57)

شاعیر لە دەقەدا چوارجا ڕستەی (بەکوێدا هاتیت) دووبارەداکاتەوە, ئەمە بۆ جەخت کردنەسەر مەبەستی شاعیرە, لەهەمانکاتدا ئاوازی ناوەوەی دەقەکەی پێکهێناوە و جوانی و ڕازاوەیی دەقەکەی تۆکمەکردووە.

## ئەنجام

لەکۆتایدا گەیشتوون بە چەند ئەنجامێک لە گرنگترینیان:-

١- ئاواز کۆڵەکەی بنەڕەتی دەقی شیعرییە و شیعر بەبێ ئاواز لە چوارچێوەی دەقی شیعری دەچێتە دەرەوە.

٢- ئاوازی دەرەوە کێش و سەروا دەگرێتەوە. شاعیر زۆر پابەندی کێشێکی دیاری کراو نەبووە, هەروەکو چۆن زۆر گرنگی بە سەروایەکی دیاریکراو نەداوە, بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەروای هەمەڕەنگی بەکارهێناوە, کە ئەمەش لەنێو شاعیرانی نوێخوازدا شتێکی باوە.

٣- شاعیر زۆر گرنگی بە ئاوازی ناوەوەی دەقە شیعرییەکانی داوە و کەم شیعری هەیە دەنگێکی جیاواز زاڵنەبووبێت بەسەر فەزای دەقەکەدا, هەروەکو چۆن کەم دەقی هەیە وشە و ڕستەی دووبارەنەکردبێتەوە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانی.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان

### کوردییەکان

### أ- کتێب

1- ئەمین، د. وریا عومەر(2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، ل252.
2- مەلا کریم، محمد(1992)، (بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد، چاپخانەی دار الحرية، بەغدا.
3- محەمەد، ئەنوەر قادر(2019)، شیکاری دەقی شیعری، (بونیادی شیعر)،وەرگێڕان،چاپی یەکەم،
4- محمەد, عبدالقادر حەمە امین(٢٠٠٨), بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا, چاپی یەکەم, چاپخانەی تیشک, سلێمانی.
5- کاکی, حەمە نوری عومەر(٢٠١٢), شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست(١٩٢٠- ١٩٧٠), چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕوون, سلێمانی.
6- گەردی، سەردار ئەحمەد(2004)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا (1970-1991)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- گەردی، ژوان عەبدولسەلام عەزیز(2018)، شێواز لەشیعرەکانی کامەران موکری لەژێر رۆشنایی قوتابخانەی ((فیلۆلۆجی لیۆ شپیتزەر))دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
8- گەردی، د. عەزیز(1999)، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
9- گەردی، عەزیز(1014)، کێشناسی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
10- عیزەدین، سامان(2009)، بنیاتی هونەری لەشیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
11- علی، د. دڵشاد(1998)،بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
12- عارف، حسێن(2011)، نوسینەکانم لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
13- سابیر,رەفیق(٢٠١٣), دیوانی رەفیق سابیر, بەرگی دووەم,بەبێ شوێنی چاپ.

**ب- نامە ئەکادیمییەکان**

1- حەمەسالَح، زانیار(2015)، بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نوێی کوردیدا 1918-1958، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی، فاکڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کوردی، سلێمانی.

**عەرەبییەکان**

**أ- کتێب**

1- الوافی، عثمان(1984)، فی نظریة الأدب، دار المعرفة الجامعية.
2- ضيف، د.شوقی(1986)، فی النقد الأدبی- مبادي علم الأسلوب, ط2, دار المعارف, مصر.
3- شريم، جوزيف ميشال(1987)، دليل الدراسات الأسلوبية، الطبعة الثانية، المؤسسهة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت، لبنان.
4- سليمان، د.فتح الله احمد(2004)، الاسلوبية مدخل نظری و دراسة تطبيقية، مكتبة الادب, القاهرة، مصر.
5- خليل، د.ابراهيم(2003)، الشعر العربی الحديث، طبع الاولی، عمان.

ب- نامە ئەکادیمییەکان

1- ابو شرار، ابتساوم موسي عبدالكريم(2007)، التناص الديني و التاريخي في شعر محمود درويش، رسالة ماجستير، جامعة الخليل، قسم للغةالعربية.
2- خضر، أروى حازم عبدالله(2005) شخصية الرسول(ص) في شعر عصر دولة الموحدين، رسالة ماجستر, جامعة الموصل.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فارسییەکان.
أ- کتێب.
1- کدکنی، محمد رضا شفیعی(1392)، موسقی شعر، چهاردهم، 1392، نشر اگاه، چاپ نیل، تهران.
ب- گۆڤارە ئەکادیمەییە فارسیەکان.
1- بیراوندی، نسرین و اریان، حسین(1395)، صور خیال اشعار قیصر امین پور، فسلنامه زیبایی شناسی ادبی، سال چهارهم، شماره 27.

---

# Muscial representation in Rafiq Sabir’s Poetry

**Mohammed Omer Ibrahim**
Department of General Education, College of Education & Language, Lebanese French University, Erbil Kurdistan Region, Iraq.
Email: mohammedqolmarf@gmail.com

**Hawkar Mohammed Rasheed**
Education Ministry, Kurdish Language, Sulaymaniyah Kurdistan Region, Iraq.
Email: Hawkermuhamad00@gmail.com

***Keyword:*** *Music, Weight, Public Expenses, Internal Music*

## ABSTRACT

Musical interpretation is one of the main criteria of poetic text. Yes, there is music in every poem and no details about it. Music can give poetry a new body, beauty and sophistication of words, by which hidden meanings are embodied, and thus music is created from sound and sound is the language of poetry and line Poet At present, this subject is of great interest to the audience, but the importance of music and its characteristics has attracted more attention. Conduct this search for poetic melody in Rafiq Saber's poems, and discover the internal and external melody of his poems. Our goal is to present the musical structure in the poet's poems and through our

discussion and descriptive analytical methodology. This research consists of a summary, introduction, sections, conclusion, and list of sources in the first part. Foreign music is introduced in the poet's poems. In the second part we introduce the internal melody of the poet's text.

## بناء الاسلوب اللحن فى اشعار رفيق صابر

**ملخص:**
تعتبر الموسيقى من أهم ركائز النص الشعري. أي أن هناك موسيقى في كل قصيدة ولا تنفصل عنها. يمكن للموسيقى أن تعطي للشعر جسدا جديدا وجمالا وزخرفة للكلمات، بحيث تتجسد المعاني الخفية، وذلك لأن الموسيقى مخلوقة من الصوت والصوت هو لغة الشعر وخطر الرغبة والعاطفة والفكر في قلب الإنسان شاعر. وقد حظي هذا الموضوع بالاهتمام لدى الباحثين بشكل جيد، لأنه نال اهتمام الباحثين، إلا أن أهمية الموسيقى وخصائصها تجعل العمل عليها أكثر. يتناول هذا البحث اللحن الشعري في أشعار رفيق صابر، ويحاول الكشف عن اللحن الداخلي والخارجي لأشعاره. هدفنا هو تقديم البنية الموسيقية في قصائد الشاعر وفق نطاق بحثنا وبالمنهج الوصفي التحليلي. يتكون هذا البحث من ملخص، ومقدمة، وقسمين، وخاتمة، وقائمة المصادر، في الجزء الأول. وقد قدمنا الموسيقى الخارجية في قصائد الشاعر. وفي الجزء الثاني تناولنا اللحن الداخلي لنصوص الشاعر.